# شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان (1961-1963)

((لێکۆلینەوەیەکی مێژووییە))

سیروان حەمە سەعید



## پێشەکی

شەڕی چالدێران لە ساڵی 1514 خاڵی وەرچەرخانو چارەنووس ساز بوو، لە مێژووی گەلی کوردا، راستە لە مەیدانی جەنگی گەرمدا فارسەکان تێکشکان بەلام کورد باجی ساویلکەیی خۆی دا، چەند جارێ زیانەکانی فارسی لێکەوت، دواجار بە رەسمی کوردستان بۆ دووبەش دابەشکرا، پاشان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بە تایبەت بە پێی پەیمانامەی لۆزان کوردستان بۆ پێنج پارچە دابەشکرا، پاش دروستبوونی حکومەتی عێراق، لە ساڵی 1923 دا بە رەسمی باشوری کوردستان بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقەوە لکێندرا، لە 1925/3/7 سلێمانی وەک لیوایەک خرایە سەر عێراق، بەمەش پرۆسەی پێکەوە لکاندنەکە بە ئەنجام گەیشت دوای کودەتای 14ی تەمووزی ساڵی 1958، هاتنەسەرکاری عەبدولکەریم قاسم دانی نا بە

**هاوبەشی کوردو عەرەب لە عێراقدا کەچی ئەم دان پێنانە تەنها لەسەر کاغەز بوو دواتر لێی پەشیمان بۆوە . رەوشی کورد رۆژ لە دوای رۆژ خراپتر دەبوو لە لایەن حکومەتی عێراقەوە ئەچەوسێنرایەوە کە لە رەهەندەکانی ئابووریو سیاسی، کۆمەڵایەتی، خۆی ئەنواندهەروەها هەریەکە لە زلهێزەکانی ناوچەکە رۆڵێکی خراپیان هەبوو لە ئاست ئەو هەموو زوڵمەی کە لە گەلی کورد ئەکرا، بەهیچ شێوەیەک هەڵوێستی ئەرێیان نەبووە . ناسیونالیستی عەرەبیو شیوعیەکانی ئەو سەردەمە لە کێشەکانی قاسمو سەرکردایەتی کورد رۆڵی نەرێییان گێراوە .**

## بەشی یەکەم :

## هۆکارەکانی دروستبوونی شۆرشی ئەیلول

گەلێک فاکتەر رۆڵیان لە هەڵگیرساندنی شۆرشی ئەیلولدا هەبووکە هەریەکەیان بە پێی ئاستو بیری جیاجیا قورسای خۆیان بەجێهێشتووە، گرنگترینیان :

1-عەبدولکریم قاسم لەساڵی 1958، بە کودەتایەکی سەربازی جڵەوی حوکمی لە عێراقدا گرتە دەستو بەڵێنی دا، کە مافەرەواکانی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا جێبەجێ ئەکات بەلآم((فشاری هەندێ لە گروپو تاقمی رەگەز پەرستی عەرەب، وایان لە قاسم کرد، کە بە دیدێکی تر بروانێتە کێشەی گەلی کورد، بۆ ئەم مەبەستە کەوتە راوودونانی ئەندامو لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستانو داخستنی چەندین رۆژنامەو گۆڤاری ئەو حیزبە، کە تێکرایان جەختیان لەسەر هەلومەرجی ئەوسای گەلەکەمانو مافە زەوت کراوەکانی دەکرد)) 1

2-قاسم هەستی بەوە کرد بوو کە رۆژ بە رۆژ کوردەکان بەرەو پێشکەوتن دەچنو بە تایبەت لە کەرکوکدا، جەماوەریان زۆر زیادی کردوە، کۆنترۆڵی تورکو عەرەبیان کردووە، ئیتر هاتە سەر ئەو بروایەی کە ئەو دەسەڵاتو سەربەستیە کەم بکاتەوە، قاسم لە بیانوو بووبوو مەسەلەی کورد، یەکەم هەنگاوی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا، سەروتارێکی رۆژنامەی خەبات بوو کە ئیبراهم ئەحمەد نوسیبووی لە 1960/10/19لە ژێر ناوی ((**الامة الكردية والمادة الثالثة من الدستور العراقي الموقت**-ئومەی کوردیو بەندی سێ لە دەستووری کاتیی عێراق)) بلاوکرایەوە. 2

بۆ یەکەم جار بوو بە ئاشکرا داوای مافەرەواکانی کورد بکرێو مێژووی پێکەوە لکاندنی (ویلایەتی موسل)) و عێراق شیبکاتەوە پارتە سیاسیەکان کەوتنە پرسیارو دەزگا ئەمنیەکان شڵەژان، قاسم تورە بوو هەر ئەورۆژە ئیبراهیم ئەحمەد لەلایەن دادوەرەوە داواکرا و لێکۆڵینەوەی لەگەڵداکرا،

مێژوونووسەکانی عەرەب دژی ئەم بۆ چونەی ئیبراهیم ئەحمەد وەستانو داوای لیژنەیەکی یاساییان دەکرد، مەبەستی نوسینەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەوە بووکە عێراق بە هیچ جۆرێک بەم شێوەیە سنوری ئێستای بەشێکی نەتەوەی عەرەب نیە، بەشە عەرەبیەکەی بە

شـێكی نەتـەوەی عەرەبیـەو بەشـە كوردیەكـەی بەشێكی نەتەوەی كـوردە، دوای ئـەم وتـارە قاسم گوشـالێكی زۆری خستـە سـەر پـارتی دیمـوكراتی كوردستان .

3-(هەر لەو كاتەدا پەژارەیەكی دی بۆ قاسم خولقا لە 1960/11/6 دا بارزانی بە رەسمـی لـە لایـەن پـارتی كۆمۆنیسـتی شـوورەویەوە داوەت كـرا، بـە فرۆكەیـەكی تایبـەتی چـووە مۆسـكۆو چـاوی بـە سەركردەكانی شوورەوی كـەوت، بـەلاّم نـاوەرۆكی گفتوگۆكانیان نەزانرا لە خانە گومانیو بێ باوەری بە كەسانی دیكە، بـارزانی بـە كەسـی نـەگوت، ئەمـە گیـانی حەسـاوەتو دوو دڵـیو گومـانی قاسمـی پەرەپێدا، موچـەی دەوڵـەتی لـێ بـڕی ئوتومبیـلو خانووی بەغدای لێ سەندەوە، هەمان كات سەرەك هۆزو دەرەبەگەكانی بە چەكو پارە دژی بـارزانی هان دا .4

هەندێك لەو سەرۆك هۆزانە شوڵیان لـێ هەڵكێشـا لە وەلاّمدا (صدیق میران بەگ) لە شەقلاّوە كـوژرا .ئیتر تۆمەتی كوشتنەكەشیان خستـەپاڵ سـكرتێری پارتی دیموكراتی كوردستان (ئیبـراهیم ئەحمـەد)و ئەویش لە ترسی گیران خۆی شاردەوە، هـەر لـەو سەردەمەدا (مەلا مستەفا) بەغدای بەجێهێشت .5

((پارتی بۆ بەیاسای كردنـی كـاری سیاسـی خـۆی بەرنامەیەكی (23) بڕگەیی پێشكەش بە دەسەلاّتی قاسم كرد، بە ناوی (پارتی دیموكراتی یـەكگرتووی كوردستانی) عێراقەوە، لـە ئامانجەكانیـدا بـاس لـە یەكسان كردنی كوردو عەرەب ئەكات لـە هـەموو

مافو بەرخوردێكدا، هەروەها لە بڕگەیەكیدا باسـی لەوەكردووە كە سوود لە تیـۆری زانسـتی مـاركیزم لینیـــزم وەربگرێـــت لـــە مەیـــدانی سیاســـیو كۆمەلاّیەتیدا، ئەم بەرنامەیەش بە نـاووی ئیمـزای (مـەلا مسـتەفا) وەك سـەرۆكی پـارتیو ئیبـراهیم ئەحمەد وەك سكرتێری پارتیو پەنجا كەسی ترەوە وەك دامەزرێنـەرو لایـەنگرانی پـارتی پێشـكەش كرا)) .6

نیازو مەبەستی ئەم پرۆژەیە لە چـەند ڕەهەندێكـدا بەرجەستە ئەبن :

1- پارتی لە بەرنامەو پرۆژەكەیدا وەك نوێنـەری كـورد لـە كوردسـتانی عێراقـدا، خوازیـاری بەدەست هێنانی ئۆتۆنـۆمی یـا (لامەركـەزی) نەبوە، بەڵكو بە پلەی یەكـەم داوای یەكسـانی كردنـی كـوردو عـەرەبی ئـەكرد لـە مـافی خوێنـــدنو كلتـــورو رۆشـــنبیریدا، لەگـــەڵ بەڕێوەبردن لە چوارچێوەی سنووری عێراق .7

2- سەرەتای كێشەی نێوان سەرانی پـارتی لـەناو خۆیاندا، وەكێشەی نێوان رژێمـی قاسـم هـەر لێرەوە سەرچـاوەی هـەڵگرت تـا ئـەنجام بـە شۆرشی ئـەیلول 1961و دووبـارەكی 1964 گەیشت .

(تـاهیر یـەحیا) كـە ئەوكاتـە بـەر پرسـیاری ئەنجومەنەكان بوو، زۆربەی خاڵی ناو ئەو پرۆژانەی ڕەت كردەوەو داوای گۆرینی ناوی پارتیو هەنـدێ لە بڕگەكانیشی دەكرد وەك پێویستە نـاوی پـارتی دیمـــوكراتی یـــەكگرتووی كوردســـتانی عێـــراق

بگۆردرێ بۆ (پـارتی دیمـوکراتی کـورد)وەدەبێـت تیـۆری مارکسـیزم لاببـرێ‌و رسـتەی بـەدیهێنانی (ئۆتۆنۆمی) لاببرێ، وشەی کوردستان لەو شوێنانەدا هـاتووە لاببـرێ‌و بـە جـۆرێکی ترنـاوببرێ، ئـەم ئاڵوگۆڕانەکـە ئەویسـترا لـە بەرنامـەی پارتیـدا بەئەنجام بگەیەنرێت بەمەبەستی گەنـدەڵ کردنـی ناوەرۆکەکەی بوو،ـ قاسم ئەیوویسـت پـارتی وەک دەزگایـەک بـەکاربهێنێت بـۆ ئامانجـەکانی خـۆی، ئالێرەوە نـاکۆکی نێـوان قاسـم‌و پـارتی زەق بـووەوە، (مەلا مستەفا) قایل بوو هـەر لێرەشـەوە سـەرەتای نـاکۆکی نێـوان سـەرۆکی پـارتی‌و سـەرکردایەتی دەستی پێکرد 8.

بە تایبەتی لە کۆنگرەی (5)ی پارتی کە لە (5-10) ئایـاری 1960 دا بەسـترا، تـەواوە رەنگیدایـەوە، رژێمی قاسـم چـەندین جـار کۆنەپەرسـتانەتر لـە رژێمـی پاشـایەتی، کەوتـە چەوسـاندنەوەو فشـار خسـتنە سـەر جـەماوەری کوردسـتان، هەسـتا بەدەرکردنی ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی کورد لـە کۆمپانیای نـەوتی کـەرکوک‌و موسـڵ‌و دامودەزگـا بەرێوەبەرایەتیەکانی عێراق.

لـە رووی ئـاوەدان کردنـەوەو گەشـەپێدانەوە فـەرامۆش کردبـوو، ((لـە مـانگی 10-1960 هەفتەنامەی (دەنگی کورد)ی داخست، لـە مـانگی 2ی ساڵی 1961 کۆنگرەی مامۆستایانی لە شەقلاوە قەدەغـە کـرد لـە 1961/2/12 قاسم وتارێکیـدا مەبەستی شێواندنی مێژوو رەگەزی رەسەنی کوردو وشەی کوردی گێرایەوە بۆ ئەو نازناوەی کە گوایـە فارسەکان لە سەردەمی شەرەکانیاندا بـۆ شـەرکەرە ئازاکانیان بەکارهێناوە . لـە 1961/3/31 (جـەلال تاڵەبانی) وتارێکی نووسی بەبۆنەی یادی نەورۆزەوە لە رۆژنامەی کوردستان دواتر داخرا، ئینجا دەستیان کرد بە گرتن‌و لایەنگران‌و ئەنـدامانی پـارتی لەبـەر ئەوەی رازی نەئەبوون بە پێشێل کردنی مافـەکانی گەلی کورد)) .9

### 1- هۆکاری رامیاری :

رژێمی قاسم لەپاشەکشەکردنێکی بەردەوامـدابوو، لە سەرەتادا کەوتە ئابڵوقـەدانی پارتەسیاسـیەکانی ئەو کاتو لێدانی دەسەلاتیان لەناوەو لـە دەرەوەی چوارچێـوەی دامودەزگـا نێودەوڵەتیەکانـدا، هـەر دوای رووداوە شـــومەکەی کـــەرکوک لـــە 1959/6/14 ((ساڵێک پاش کودەتای 14 تمـووز، ئەستێرەی حیزبـی شـیوعی عێراقـی هـەم لـەلای قاسـم‌و هـــەم لـــەناو جەماوەریشـــدا وردە وردە بـەرەوکزی رۆیشـتن، پاشـان داخسـتنی بارەگـای حیزبی شیوعی لـە کـەرکوک لـە لایـەن سـوپاوە، گرتنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانیان بـە تایبـەتی ئەوانەی گومانی بەشداری کردنی ئەو کارەساتەیان لێ دەکرا، ئەمـە لەلایـەک لـە لایـەکی تریشـەوە ئاینـەکان (مەزهبیـەکان)ی عێـراق، قاسـم رقو تورەی ئاینی‌و توندرەو راستو رەواکانی ناو عێراقی بە شیعەو سوننەوە دروستکرد بە دەرکردنی (قانون الاحوال الشخصیە) )) .10 لە لایەکەوە پێشـکەوتن خوازی تیا بەدی دەکرا سەبارەت بە مافی ژن، لـە لایەکی تریشەوە زۆربەی بەنـدەکانی دژی یاسـای

ئیسلام بوون، دەرچوونی ئەو یاسـایە دوای لێـدانی حیزبی شیوعیی بوو لە ساڵی 1959 دەچونی یاسا کە ئەوەی رەفزی کرد، کە قاسم ئەیووت بۆ لێدانی شیوعیەکانی بۆ مەسەلەی ئایین گەراندەوەو لەگەڵ مەسـەلە نیشـتمانیو دیموکراتیـەکان، بـەلاّم لـە راسـتی دا وا دەرنەچـوو لـە سـەردەمی حـوکمی قاسمدا، سەرکردەو پیاوی سیاسی هەرە ناسـراویان کەلەسەر ئاستی عێراق ناسرابوو، (کامل الجادرچی) بوو کە برِوای به دیموکراسی هـەبوو بـرِوای بـە شۆرشگێریو دیموکراسی قاسم نـەبوو، بـەلاّم لـە ژێر فشاری حیزبەکەیدا بوو، بەلاّم دوایی لە حیـز بەکەی کشایەوە بـرِوای نـەدەکرد کـە رێکخـراوە سیاسیەکان بتوانن لە ژێر سێبەری حوکمی قاسمدا کاربکەن .

رەهەندە سیاسیەکانی سەردەمی قاسـم لـە چـەند خاڵێکدا بەرجەستە دەبن :

سەرەتا جۆرێک لە دیموکراتیەت پیادە کـرا، ئیتـر پاشە کشە لێکرا ،

1- تا بە تەواوی لە 1961 دا پێشێل کرا .

2- مافی کاری سیاسـی پارتایـەتی پێشـێل کـراو بەربەرەکانی دەکرا .

3- یاسای رێکخراوەییە جەماوەریەکان لە هـەموو ناوەرۆکێکی دیموکراتیەت بـەتاڵ کـراو تـەنها ئەو رێکخراوانە مانەوە کە رەمزی بوون یاخود کارتۆنی بوون . 11

میرنشینی کوێت بە پێی رێکـەوتن نامەیـەک کـە لەگەڵ بەریتانیـەکان لـە 1961/6/19دا مۆریـان کرد لە چنگ ئینتدابی بەریتانی رزگاری بوو، قاسم سەربەخۆی کوێتی بەهەل زانی، داوای گەرانەوەی کوێت کرد بۆ چوارچێوەی عێراق، بـەلاّم کۆمـاری عەرەبی یـەکگرتوو دژی ئـەم داوایـە وەسـتایەوە، بەریتانیا هێزێکی زۆری گەیاندە ناوکوێـت لەمـەدا قاسم هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نـەهێنا، ئینجـا سەبارەت بە لایەنی سوپایی(عەسکەری)ەوە، قاسـم لەناو سوپادا خاوەنی بنکەیەکی پتەو نەبو کە بتوانێ لە کاتی پێویستیدا پشـتی پـێ ببەسـتێ، پیـاوێکی تاکتیکی پتەو لـەوەی سـتراتیجی بێـت، بۆیـە لـە ماوەی نزیکەی ساڵو نیوێ حوکمی خۆیدا، زیاتر لە 10 جار وەزارەتەکانی ئاڵوگۆر پێ کرد، بەلاّم قاسم پیـاوێکی عەسـکەری بـۆ شـارەزای تـەواوی لـە کاروباری سوپادا هـەبوو، سـوپای عێراقـی فـراوان کرد باری خزمەتی سەربازی باشتر کرد، موچـەی دەرەجەداری سوپای بەرێزەی 70٪ بەرز کـردووە چەکی سوپای عێراقی لە چەکە کۆنەکانی بەریتانی گۆری بۆ چەکی باشتری سۆڤیەتی .12

سوپای عێراقی لە چوار فیرقەوە کرد بە (5) فیرقەو هەنگاوی بەرەو پێکهێنانی فیرقەی(6) دەنا، فریای پێکهێنانی نەکەوت، لە کاتی بـەرپابوونی شۆرشـی ئەیلول لە ساڵی 1961 دا سوپای عێراق بریتی بوو لە 12 لیوا کە دابەشکرابوون بەسەر (5) فیرقـەداو گەورەترین فیرقەیان فیرقەی (1،3) بوو، فیرقـەی (1) لە دیوانیەوە برایە ناوچەی موسـڵو بادینـانو فیرقەی (2) هەر لە کەرکوک بوو، گشت سـوپای عێراقی لە باشووری کوردستان دا بریتی بوو لە (8)

لیوای تەواو، بە هەموو عێراقو ناو بەغدادەوە چوار لیوای لێ بوو، حکومەتی قاسم لـە دەستپێشـکردنی شەردا لەگەڵ کورد (6) (سرب) فرۆکەی جـەنگی هەبوو، کە زۆربەیان (هێنەر-میک) بـوونو یـەک (سرپ)یش فرۆکـەی بۆمبا هاوێـژی هـەبوو لـە جۆری (الیوشن) تا شۆرشـی ئـەیلول بـەرپا نـەبوو جگەلە (مقاومە الشعبیە) کە زوو لێدرانو بلاوەیان پێکرا، هیچ هێزێکی تری (نانخامت) نەبوو لـە نـاو کوردا بە مانای (جاش) بەکارهاتووە، بـەلام پـاش بـەرپا بـوونی شۆرشـی قاسـم دەسـتی کـرد بـە دروستکردنی هێزی (نانخـامی) کـە ژمارەیـان لـە چەند مانگێک دا گەیشتە (6بۆ7) هەزار جاش کە زۆربەیان کورد بوون. 13

(جمـال عبدالناصـر) دەسـتێکی بـالای هـەبوو لـە دروستکردنی شۆرشو ئاژاوەی عێراق چونکە ناسر ئەیویست وەحـدەیکی عـەرەبی پێکبێنـێ لـە ژێـر سەرکردایەتی خـۆی، سـوریای بردبـووە نـاو ئـەم وەحدەیەوە بەلام قاسم بۆ ئەم باسـە رازی نـەبوو، عبدالسلام عارفی کردبوبە رکابـەری قاسـم وە لـە ژێرەوە هەندێ یارمـەتی نهێنـی ئـەدرا، سـەعات 6,30 رۆژی 1959/10/8 لـە شـەقامی رەشـید تەقەیان لە قاسم کـرد برینـدار بـوو ئەمـەش لـە لایەن بەعسـیەکانەوەکرا، کۆمۆنیسـتەکان دەسـت بەجێ رژانە سەر شەقامەکانو هەوڵیان دا بـەهۆی هوتـــافو جـــوێنی هـــەرزانو هانـــدان دژی بەعسیەکانو ناصریەکان، پشتگیری خۆیان پیشانی قاسم بدەن، بـەلام بـێ سـود بـوو قاسـم گرنگـی پێنەدان. 14

((قاسم دژی بەشداریکردنی عێراق بوو لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا چونکە قاسم زۆرتر عێراقی بو تا عەرەب)) 15

لەبەر ئەوە هاوپەیمانێکی سێ لایەنە قاسمو حیزبی شوعیی عێراقو پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـۆ رێگاگرتن لەبەئەندام بـوونی عێـراق لـە کۆمـاری عەرەبی یەکگرتوودا پێکهات. 16 -2

## 2- هۆکاری کۆمەلایەتی:

کۆمـەڵی کـوردەواری وەک هـەموو کۆمـەڵگاکانی دیکەی مرۆڤایەتی بە چەند قۆناغێکی گەشەکردندا تێپەریوە رووبەرووی زۆر گۆرانکاری بۆتـەوە کـە بەشـی زۆری ژێرخـانی کۆمەلایـەتیو فیکریـی گرتۆتەوە لە میانی ئـەو گۆرانکاریانـەدا کۆمـەڵی کوردەواری چەندین جـۆری جیـاوازی دەسـەلاتی سەرکردایەتی کلاسیکی بەخۆیەوە بینیوە. 17

لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ ئەوە راکێشین کـە لـەناو فۆرماســـیونە کۆمەلایەتیـــەکانی سیســـتەمی کۆمەلایەتیدا توێژێکی کۆمەلایەتی بە ژمارە کەمو دەسرۆ هـەبووە، ئـەویش توێـژی پیـاوانی ئاینییـە ((پیـــاوانی ئـــاین نەخشـــێکی گرنگیـــان لـــە خاوکردنەوەی ململانـێی چـینایەتی نێـوان ئاغـاو رەنجدەرەکانی دا هەبوو، بەلام لە هەندێ قۆناغیش دا هەندێ لە پیاوانی ئاین رۆڵێکی شۆرشگێرانەیان گێرا)) 18

قاسـم رێگـای راسـتی خـۆی ون کـرد هـەرجارە بەبارێکـدا ئـەگۆراو بەتایبـەتی دەسـتی کـرد بـە

بەربەرەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)) بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ، یەکەم جار هەستا بە هاندانی سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەی بادینان لە دژی (مەلا مستەفا) ئەو عەشیرەتانە وەکو (زێباری و برادۆست و سورچی و هەرکی و رێکانی) چونکە ئەمانە دوژمنایەتی کۆنیان هەبوو لەگەڵ عەشیرەتی بارزانداو دیسانەوە قاسم دەستیکرد بە گرتن و راوانی ئەو عەشایەرو سەرۆک خێڵانەی کەوا خۆیان بە پشتیوانی (مەلا مستەفا) ئەزانی، وەکو هەباس مامندانی و ئاغایانی پشدەرو شێخ حسین بۆ سکین و زور کەسانی تر 19.

قاسم هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی جیاوازی بخاتە ناو ریزەکانی کورد، باجی خستە سەر دەوڵەمەندو بازرگانەکان بۆ ئەوەی دژایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن، ئیتر رەوشەکە تەقییەوە . کوێخا سیمایلی تەلان لەگەڵ حەمەی برای دەربەندی بازیانیان گرت 20.

دەستەو تاقمی حمە رەشیدخانیش لەگەڵ بەگزدەو عەشایری جاف لە دەربەندیخان لە شکریان بەرێ کرد هەتا خانەقین، لە ناوچەی دهۆک و زاخۆو ئاکرێ و ئامێدی و رەواندز و شەقلاوەو موصل و هەولێر لەشکر کێشی دەستیپێکردو، راگەیاندنی حیزبی لە هەموو لایەکەوە بەرزبووەوە، ئەوەی رۆحی کوردایەتی تیابوو سەری بەرز کردەوە بە پارەو یارمەتی دەستی برایەتی بۆ شۆرش دریژکرد 21.

((لە کوردستاندا وەک زۆربەی ولاتانی رۆژهەلات پەیوەندیە خێڵەکی و پاتریارکیەکان بالا دەستبوون و خێڵەکان خاوەنی راستەقینەی زەوی بوون مولکداریتی گشتی زەوی باربوو )) 22.

لەم بوارەدا زۆربەی کۆمەڵ و هۆزو عەشایرەکان بە شێوەیەکی گشتی هاوبەشیان کرد لە شۆرشدا .

### 3-هۆکاری ئابووری :

بە یەکێک لە فاکتەرە سەرەکیەکانی سەرهەڵدانی دەسەلاتەسیاسییەکان دادەنرێت عیراق یەکێک بوو لەو دەوڵەتە نوێیانە، کە لەژێر مەنداتی بەریتانیادا بوو، باشووری کوردستانیش لکێندرا بە دەوڵەتی عێراقەوە، بەم شێوەیە باشووری کوردستان بووبە سەرچاوەیەکی کەرەستەی خاو،بازار بوو بۆ ساغ کردنەوەی کەلوپەلی پیشەسازی بەرهەم هێنراوی سەرمایەداری بەریتانیا، کە پێشتریش پەلوپۆی بۆ ئەم ناوچانە راکێشابوو، بەریتانیا بۆ ماوەی نزیکەی 40ساڵ راستەوخۆ هەموو عێراقی بە پالپشتی دەربەگ دەچەوساندەوە هەوڵ و تەقەلایەکی هەمە لایەنەی دەدا لە پێناو پتەوکردنی رژێمی دەرەبەگایەتی-پاشایاتی لە عێراقدا، بۆ ئەم مەبەستەش هەولی دەدا سەرۆک و توێژالی دەسرۆیشتووی خێڵ و عەشیرەتەکان بکاتە دەرەبەگ لە رێگەی دەست بەسەراگرتنی زەویە گشتیەکان کە مولکدارییەکەی دەگەرایەوە بۆ گشت ئەندامانی هۆزو خێڵەکان 23.

((کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی ولاتێکی کشتوکالی یە، بێجگە لە کشتوکال، ئاژەلداریش هەیە، کورد سەدان سالە لەسەر بەری رەنجی خۆی

دەژی، تێکرا مێـژووی کوردسـتان ململانـێ یـەکی سەختە دژی سروشتێکی سەخت .24

((رژێمی قاسم لـە بـواری کـەرتی کشـتوکاڵیدا لـە 1958/9/10 وا یاسای ژمـارە (30) سـاڵی 1958 تایبەت بە ریفۆرمی کشـتوکاڵی دەرکـرد، شکسـتی هێنا، وەک پێویسـت جێبـەجێ نـەکراو پشـتگوێ خرا)) .25

ئامانج لـەو چارەسـەرکردنو ریفۆرمـە نەهێشـتنی دەرەبەگایەتیــە وەک شــێوەیەکی بەرهــەمهێنان، بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی جوتیـارانو چـاکردنی بـارودۆخی کۆمەلایەتیانـە، زیـادکردنی بەرهـەمی کشتوکاڵیو بەهێزکردنی ئابووری نیشتیمانیە، بەبێ ئەم یاسایە نەدەبوو موڵکداریەتی زەوی هیچ خاوەن موڵکێک لە هـەزار دۆنـم بـەدوا دوو هـەزار دۆنـم زەوی دێم زیاتر بێت)) .26

بەو شێوەیە یاسای ژمارە (30) گورزێکی گەورە بوو بــەر خــاوەن زەوییــە گـــەورەکان ئەکـــەوتو سەرەتایەکیش بوو بۆ کۆتایی هێنان بـە سیسـتەمی دەرەبەگایەتی لە ولاتدا .27

دانەوێڵـە لـە کوردسـتاندا بەرهـەمێکی سـەرەکی کشـتوکاڵە، کوردسـتان لـە سـاڵی 1961 (61٪)ی گەنم، وە (65٪)ی جۆری گشـت عێراقـی بەرهـەم هێناوەلە کێلگـەکانی کوردسـتاندا نزیکـەی هـەموو بەرهەمی تـوتنی ولات بەدەسـت ئـەهێنرێت ئـەو توتنە کوردییـە لەسـەر ئاسـتی بازارەکـانی جیهـان پەسـەندە، ناوچـەکانی کوردسـتان بـە رەزوو بـاخو باخچەو بەرهەمی مێوی وەک تـرێ، بـادەم، گـوێز، بەهێ، قەیسی،هەڵوژە بەناوبانگن .28

خاکی کوردستان لە رووی سامانی سروشتیەوە زۆر دەوڵەمەندە، باشووری کوردستان لە رووی سـامانی سروشتیو کانزاییەوە یەکێکـە لـە دەوڵەمەنـدترین ناوچەکانی رۆژهەلاتی نزیکو ناوەراست پەیوەندی نێــوان جوتیــارو دەرەبــەگ لـــە کۆمـــەڵگای دەرەبەگایەتی کوردیدا هەر لە سالانی کۆنەوە هـیچ گـۆرانێکی گـرنگو چـارەنووس سـازی ئـەوتۆی بەسـەردا نـەهاتووە، قاسـم هەمیشـە هـەوڵی ئـەدا بـارودۆخی ئـابووری لـە کوردسـتاندا بـەرەو دواوە بگەرێتەوە .

ســـەرەرای شـــوێنی کوردســـتان لـــە رووی بەرهەمهێنانــەوە نــەیان دەهێشــت کوردســتان پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێ رژێمی قاسم هەر تـەنها بەدەم هەوڵی ئـەدا کێشـەی زەویو زار چارەسـەر بکـات، قاسـم گـوێی بـە داواکاریـەکانی خـەڵکی کوردستان نەئەدا تەنها مەبەستی ئەو ئـەوەبوو کـە مەرامەکانی خۆی جێبەجێ بکات، نـەی ئەویسـت گۆرانکاری بکات، لە ژیانی سیاسی خۆیدا، کەسێکی تاک رەوبوو، دیکتاتۆربووە، هەرچەندە لە سـەرەتاوە کۆمەڵی کـاری باشـی کـرد بـەلام ئـەویش زۆری نەخایاندو هەموو ئەو کارە باشانەی کـە کردبـووی لێی پەشیمان بووەوەو کەوتـەوە سـەر دیکتـاتۆریو سەرکوت کردنی خەڵکی ناوچەکە .

**ماویەتی**